

# ئەگەر سیستێمی دەوڵەت لە ئارادانەبێت ، گەندەڵی بڵاو دەبێتەوە

ناکرێ میللەت تاوانبار بکرێت بە گەندەڵی و سەرکردەکانیش خۆیان بە چاکسازی و پاکسازی ئەو رەوشتە دابنێن... ئەگەر یەکسەر باسی ئەو ووشە [پیسە] بکەین دەبێ سەرووی سەرەوەی دەسەلات ببینین و بزانین لە کوێی کۆمەڵ دانیشتوون ...ئەگەرنا هەندێک جار بۆ چەواشەکردنی ئەم و ئەو وەکو بنیشتە خۆشە ئەو پەیڤە بەکار دەهێنن... فەرموون هەموو ئەو دڵسۆزانەی خۆیان بە پارێزەری ئەو رەوشتە{چاکسازی..پاکسازی..دەستپاکی...هتد} دادەنێن و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو رەوشتە دەکەن با بەچاوێکی زانستیانە گیرفانی سەرکردە و لێپرسراوەکان سەیر بکەن بزانن بە گوێرەی [راتبی مانگانەی] چەندی زیاتر کۆکردۆتەوە لەو 15 ساڵەی ژیانی شار و ژیانی دەوڵەتی لەتوپەتکراو و کوردستانی ئازاد...کێ دەبێتە نوێنەری گەل و خەڵکی دز و تاوانبار دەخاتە لێپرسینەوە ، ئەوە دادوەرە{قاضی} جا کوا ئەو حاکمە بوێرەی کوردستان دەتوانی دەست لەچاوی ئەو کۆمەڵە دز و دەست پیسە رابکات و بیانخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و بەتاوانی ئەو گەندەڵی یە بیانخاتە زیندان .هەتا ئەمڕۆ کامە وەزیر دادگایی کراوە لەسەر دزی و گەندەڵی... حیزب لەسەروی حاکمە و حاکمیش لەژێر چاودێری لێپرسراو کەواتە گەندەڵی وای لێدێت خانووی مەسئول نرخی ببێتە 2ملیۆن دۆلار و شەوانەی لەچەند سەد دۆلارێک زیاتربێت...هەریەکە واتە دەسەڵاتدار لەدژی ئەوەی تر بۆخۆی دایدەبڕێ و پشتیش لە میللەت دەکات... ئەگەرنا چۆن خەڵک بەبێ ئاو و کارەبا دەبێت ژیان بەڕێ بکات و لەکاتێکدا ماڵ هەیە بەلای کەمی 10گلۆپی دەسوتێ و ئاوی پاکی هەردەم هەیە.. لە کاتێکدا بەنزین لەبازاردا قاتە کەچی لێپرسراو بەخۆیی و ئەتۆمۆبیلەکانی تەراتێن دەکەن دەبێ ئەو ئوتۆمبیلانەی جەنابی مەسئول بە هەوا بڕوات..کەی سیستەمی دەوڵەت دامەزرا و یاسا سەروەر بوو ئەوکاتە دەسەڵاتداری سیاسی کوردیش دەتوانی چارەسەری گەندەڵی بکات و وەکو خۆیان ناویان ناوە پاکسازی و چاکسازی بکەن.. هەتا ئەوکاتە ئەو چینە گەندەڵ خۆرە تێر دەبێت و چینەکی تر دێت لەمانە گەندەڵ خۆرتر.. ئەوەیە نەبوونی پرەنسیپەکانی دەوڵەت..دەبێ هەوڵبدرێت جەماوەر لەو کارانە ئاگادار بکرێتەوە کە هەندێک لەو دزە گەورانە پێی هەڵدەستن و دەبێ بوێرانە پەردە لەسەر ئەو کارە گەندەڵیانە هەڵبدرێتەوە و رۆژانە پێداچونەوەی بەدواوە بکرێت.ریسوابکرێت کارەکانی گەندەڵی و ئەو کەسانەش سەزەنشت بکرێن کە لەوکارانە بەردەوامن

فــەهــد گــردەوانــی 2006/7/3 ستۆکهۆڵم